کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان وادەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران تا ١٥ی حوزەیران درێژدەکاتەوە

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی عێراق ڕایگەیاند: ماوەی تۆماری دەنگدەران و هاوپێمانی و پارت و لایەنە سیاسییەکانی درێژکردەوە و فەرمانگەکانی پێوەندیداری ڕاسپارد بە جێبەجێکردنی بڕیارەکە.

دووشەممە 19ـی ئایاری 2025، کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنی عێراق ڕایگەیاند: دوای گفتوگۆی ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆمیسیۆن، بڕیاری درێژکردنەوەی ماوەی تۆمارکردنی دەنگدەرانی تا کۆتایی دەوامی فەرمی ڕۆژی یەکشەممەی 15ـی حوزەیرانی 2025 درێژکردەوە، دەشێت ئەو فەرمانە لە 19ـی ئایار دراوە و پێویستە لە پێگەی فەرمی کۆمیسیۆن بڵاو بکرێتەوە.

هاوکات، کۆمیسیۆن بڕیاریدا، تۆمارکردنی هاوپێمانی و پارت و لایەنە سیاسییەکانی تا کۆتایی دەوامی فەرمی ڕۆژی 22ـی ئایاری 2025 درێژکراوەتە و فەرمانگەی کاروباری پارت و لایەنە سیاسییەکانی ڕاسپارد ئەوەی لەسەریانە جێبەجێی بکەن.